

# ژان بۆدیار

## فەیلەسوفی تێگەیشتن لە بەرخۆریزم

ئا. لە ئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال

ژان بۆدیار (1929-2007)، کۆمەڵناسی فەرەنسی کە هاوکات وەك: فەیلەسوف، تیۆریستی کلتوری، روونکەرەوەی سیاسی ناسراوە. زۆربەی کارەکانی بریتین: لە دەوڵەمەندکردنی بواری پۆست مۆدێرنیزم بەتایبەتیش بواری پۆست ستراکچراڵیزم (پاش بوونگەرایی).

بۆدیار لە 27ی تەمووزی 1927 لە دایك بووە، هەروەك خۆی لە چاوپێکەوتنێکدا باسی کردووە باپیرانی جوتیار بوون، دایك و باوکیشی کارمەندی کەرتی گشتی (حکومی) بوون. لەفەرەنسا دەچێتە بەر خوێندن، لە قۆناغی ئامادەیی ئاشنایەتی لەگەڵ فەلسەفەی (پاتافیزیکس- Pataphysics = زانستی چارەسەرە خەیاڵییەکان) پەیدا دەکات، پاشان دەچێتە زانکۆی سۆربۆن و لەوێ زمان و ئەدەبی ئەڵمانی دەخوێنێت، دواتر دەبێتە مامۆستای ئامادەیی. لەماوەی وانەوتنەوەیدا دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی رانانی ئەدەبی و وەرگێڕانی کارەکانی نووسەرانی وەك: کارل مارکس، فریدریك ئەنگلس، بێرتولت برێخت ... و چەندانی دیکە. لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوودا لەوکاتەی کە زمان و ئەدەبی ئەڵمانی دەڵێتەوە، رووی وەرگێڕا بۆ بواری کۆمەڵناسی و لە کۆتاییدا لەوبوارەدا دکتۆرای وەرگرت.